٤- لەبەرکردن : تێڕامان بکەو ئایەتی نوێی لەبەرکردن: عیبرانیەکان ١٣: ٥- ٦ لەبەر بکە. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون.
٥- فێرکردن : نمونەی " سەرکاری ژیر" لە لۆقا ١٦: ١- 13 هاتووە ، هاتووە ئامادە بکە ، سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانە لە وانەی یەکەمدا.
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .

پاشکۆی ١

ئەو کوڕەی داوا دەکات

" نمونەی ئەو کوڕەی داوا دەکات " لە مەتا ٧: ٧- ١٢ و لۆقا ١١: ٩- ١٣ دەسوڕێتەوە لەبازنەی نوێژی ئازایانەو کۆڵنەدان لەشانشینی خودا.

مەتا ٧: ٧- ١٢ و لۆقا ١١: ٩- ١٣ بخوێنەوە .

١. چیرۆکە سروشتیەکە تێ بگە کە لە نمونەکەدا پێشکەش کراوە.

پێشەکی : نمونەکە بە زمانێکی میتافۆری دەدوێ و واتای ڕۆحیەکەی بونیاد نراوە لەسەر ئەم زمانە میتافۆریە . بۆیە یەکەمجارشرۆڤەی وشەکانی نێو چیرۆک ونمونەکەو بانگراوندە کلتوریەکەی دەکەین ودەخوێنین / شارستانی و ڕاستیە میژوویەکانی .

گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو فێرکردنە سەرەکیە کامەیە نمونەکە پێشکەشی دەکات ؟

تێبینیەکان .

ئەم نمونەیە لەشێوەی پرسیار دێت . کاتێ منداڵان داوای شت باش دەکەن لە باوکیان .

٢. چوارچێوەی دەقە ڕاستەوخۆکە بخوێنەوەو تاقی بکەوە ، وە بنەماکانی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : چوارچێوەی "چیرۆکەکە" زۆرجار ڕەهەندو بانگراوندی هەیە یان شرۆڤە کردن وجێبەجێکردنی نمونەکەی هەیە . دەکرێ ئاماژە بۆ بانگراوندی نمونەکە گونجاو بێت لەگەڵ پێناسەی چیرۆکەکە بۆ ئەو بارودۆخەی نمونەکەی تێدا باسکراوە . وە زۆرجار بانگراوندی نمونەکە کەوتوەتە پێش چیرۆکی نێو نمونەکەوە ، بەڵام شرۆڤە یان جێبەجێکردنی دوای چیرۆکی نمونەکە باسکراوە .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : چیرۆک و بانگراوند و شرۆڤە یان جێبەجێکردنی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

لە لۆقا ١١ چوارچێوەی نمونەکە وشرۆڤەی چیرۆکەکەی یان جێبەجێکردنی جیاوازە لە نمونەی ئەو کوڕەی داوا دەکات وەك هاتوە لە مەتا ٧ ئەمەش دەریدەخات کە عیسا هەمان ڕاستی فێر دەکات چەند جارێك

لە چەندین چوارچێوەی جیاوازدا وەك چۆن هەر مامۆستایەکی ئەم ڕۆژگارە دەیکات .

أ. بانگراوندی نمونەی هاتوو لە بەشەکانی ٥- ٧ لە ئینجیلی مەتا .

بانگراوندی نمونەکە وێنەیەکە بۆ وتاری سەرچیا .

داواکاریەکە ساکاری و هەست کردن بە پێویستی لەخۆدەگرێ .

وشەی داوابکەن واتە مرۆڤ داوای شتێك دەکات وەك چۆن منداڵ داوا دەکات یان کۆیلەیەك داوا لە گەورەکەی دەکات یاقوب ٤: ٢ وە لۆقا ١٨ .

هەروەها هەوڵ دان بۆ داواکردن و کارکردن پێی لەخۆ دەگرێ.

وشەی هەوڵ بدەن واتە هەوڵ وکۆشس بکەن تا بیدۆزنەوەو بەدەستی بهێنن .

لە دەرگا بدەن وداوا بکەن ، کارکردن بەمە دەبێت چەسپاویی و کۆڵنەدانی لەگەڵدا بێت .

وشەی لەدەرگا بدەن بەردەوامی لەدەرگا دان لەخۆ دەگرێ تا دەرگاکە دەکرێتەوە لێی .

ب. چیرۆکی نێو نمونەی هاتوو لە مەتا ٧: ١١- ١٢ .

ج. شرۆڤە یان جێبەجێکردنی نمونەی مەتا ٧: ١١- ١٢ .

لۆقا ١١: ١٣ ؛ یاقوب ١: ١٧ .

٣. وردەکاری پەیوەندیدار و ناپەیوەندیدار بە نمونەکە دیاری بکە.

پێشەکی : عیسا مەبەستی نەبوو بڵێ هەر خاڵێکی نێو نمونەکان واتاو مەبەستێکی ڕۆحی لە پشتەوەیە ، وە وردەکاری نێو نمونەکە خاڵی جەوهەری یان بابەتی سەرەکی لە خۆ دەگرێ ، بۆیە دەبێت هەوڵ بدەین واتاو مەبەستی ڕۆحی بۆ هەموو خاڵێک و وردەکاری نێو نمونەکان دیاری نەکەین .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : ئەو وردەکاریانە کامانەن نمونەکە لەخۆی دەگرێ و بە سەرەکی و واتادار دادەنرێن ؟

تێبینیەکان .

باوك و کوڕەکەی .

ئەم جێبەجێکردنە ئەو ڕوون دەکاتەوە کە باوك و کوڕ نیشانەو هێمان بۆ خودای باوك و باوەڕداران بەڵام بەراوردکاریەکە زۆر بە وردی نیە چونکە باوکانی زەوی هەڵە دەکەن و لاوازن بەڵام خودای باوك پیرۆزەو خاوەن هەموو دەسەڵات و توانایەکە .

نان وماسی .

وێنەو هێمایەکن بۆ شتە نوێیەکان ئەوەی باوەڕداران داوای دەکەن لە خودا لە نوێژەکانیاندا .

بەرد و مار .

وێنەو هێمایەکن بۆ شتە خراپەکان ئەوەی خودای باوك نایدات بە باوەڕداران.

٤. پەیامی سەرەکی نمونەکە دیاری بکە .

پێشەکی : پەیامی سەرەکی نمونەکە لە شرۆڤەو جێبەجێکردندایە یاخود دەکرێ کورتبکرێتەوە لە خودی نمونەکەدا .

ئاشکرای بکەو گفتوگۆی لەبارەوە بکە : پەیامی سەرەکی ئەم نمونەیە چی یە ؟

تێبینیەکان .

نمونەی ئەو کوڕەی داوا دەکات لە مەتا ٧: ٧- ١٢ فێرمان دەکات لەبارەی نوێژەوە لە شانشینی خودا . پەیامی سەرەکی نمونەکە ئەوەیە : باوکی ئاسمانی هیچ کام لە ڕۆڵەکانی بێهیوا ناکات کاتێ نوێژ دەکەن ولێی دەپاڕێنەوە ، ئەو وەڵامی نوێژەکان دەداتەوە کاتێ بە کۆڵنەدان وبەردەوام نوێژ دەکەن واتە بە باوەڕ وکارکردنەوە .

٥. بەراوردی نمونەی هاوسەنگی و بەرابەری لە کتێبی پیرۆزدا.

بڕوانە نمونەی " هاوڕێی داکۆکیکار " لە لۆقا ١١: ٥- ١٠ ، وە نمونەی " بێوەژنە کۆڵنەدەرەکە" لە لۆقا ١٨: ١- ٨ لە وانەی ٢٩ لەم ڕێبەرە ڕێنماییەدا .